وەزارەتی دارایی ئەکارەکانی فرەشتنی موڵکەکانی شاسوار عەبدولواحید دەستپێکرد

ئەمڕۆ یەکشەممە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر داوای بانکە بازرگانییەکان بڕیار دراوە سەرجەم موڵکەکانی کەمپانیای نالیا و چافی بخاتە مەزادەوە کە ژمارەیان 60 موڵکە, ئەمەش لەبەرامبەر ئەو قەرزە کێشکێبووانەیە کە کەمپانیاکان لەسەریانە.

وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لەسەر داوای بانکە بازرگانییەکان بڕیار درا دەست بگیرێت بەسەر سەرجەم موڵکەکانی کەمپانیای چافی و نالیا کە ژمارەیان 60 موڵکە ئەمەش لەبەرامبەر نزیکەی 92 ملیار دینارە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت, لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار لە ڕێگەی (بانکی سلەمانی یەک) ئاگاداری کەمپانیای نالیا و چافی کراوەتەوە، بەڵام وەڵامیان نەبووە. بۆیە وەزارەت بە مافی خۆی دەزانێت سەرجەم موڵکەکان بخاتە مەزادەوە. ئەمە لە کاتێکدایە بڕەی قەرزەکانی ئەو دوو کەمپانیایە گەیشتووەتە 91 ملیار و 760 ملیۆن و 66 هەزار دینار. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە 20-10-2021 دادگا لە بڕیارێکدا وەزارەتی دارایی دەسیلی قەرزەکانی یەکلایی کردەوە و لە 22-9-2024 گلدانەوە لەسەر

سەرجەم موڵکەکانی کۆمپانیای نالیا و کۆمپانیای چاڤی دانرا. هاوکات دادگا لە 26-11-2024 تانی پێداچوونەوەی نالیای ڕەتکردەوە.

 وەزارەتی دارایی دەیەت، سەرجەم موڵکەکانی ئێو دوو کۆمپانیایە کە ژمارەیان 60 موڵکە و پێکهاتوون لە چەندین پارچە زەوی، هۆتێل، کافتریا و کابینەی گەشتیاری و چەندین موڵکی تر، دەخرێنە مەزادەوە لەبری قەرزە کەڵکەبووەکانی ئێو دوو کۆمپانیایە.